# فەلسەفەی پێنجەمی وێژەیی ...... داوایەك لە وەزارەتی پەروەردە

## بەشی دووەم و كۆتایی

ڕەنج محمد

بێجگە لە تالیس چەندەها فەیلەسوفی تریشمان هەیە دوای ئەو كە بیر و ڕای خۆیان لەسەر ئەم شتانە دەربڕیوە وەك ( ئەنیسكە مەندەر ، ئەنیكسمانس ، هیراكلیس ) لە دوای ئەمەش باسی وەرچەرخان فەلسەفە ئەكات لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی كە دەڵێت لەسەر دەستی سۆفستاییەكان و سوكرات بە ئاكام گەیشت لەسەر دەستی فەیلەسوفە ئیسلامیەكان و فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەكاندا باسەكانی سەبارەت بە گەردوون و مرۆڤ و كۆمەڵگا و سیاسەت و هونەر گەیشتە ڕادەی كامڵ بوون .لێرەدا واق وڕماوم لەوەی ئەم هەموو قسە ئەكات و وائەزانێ ئەم كتێبە هیچ لەو شتانە ورد نابێتەوە بەڵكو لە لاپەڕەكانی كۆتایدا دێنەوە سەر ئەم باسانە كە بە هیچ جۆرێ هیچ مامۆستایەك ئەو هەمووە بە خوێندكار ناخوێنێت ، لەبەر قورسی و بێ مانای بابەتەكان ، تەنانەت هەر كورت ترین باسی سۆقیستای نەكردووە كە لێرەدا بە كورتترین شێوە باسی ئەكەین و دەتوانین بڵێین (سۆفیستەكان) بە زاراوەی یۆنانی لە (سۆفیست)ە وە هاتووە كە واتای ( شارەزا یا پسپۆر یا پیاوی دانا ) ئەگەیەنێت . گریكەكان لە سەرەتادا ئەم زاراوەیان بەكار هێناوە بۆپیاوانێك كەفێربوون وتێگەیشتوون وە كوحەوت پیاوە داناكەی یۆنان لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندائەم زاراوەیە بۆ ئەم مامۆستا گەڕۆ كانە بەكاردەهێنرا كەلەبەرامبەری كرێیە كدا لەچەندان لقی باڵای زانیدا دەرسیان دەوتەوە زیاتربە شیوەیەكی سەربەخۆكاریان دەكردنەك وەك قوتابخانەیەك یان گروپێك سۆفستای یەكان هاوكات لەگەڵ سوكرات وئەفلاتون وئەرستۆدا شۆڕەتیان پەیداكردووەودژایەتی یەكی فەلسەفی و ململانییەكیسەخت لەنێوانی ئەم سیانەو سۆفستای یەكاندا هەبووە لە نوسینەكانی هەرسێكیاندابەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. دیاریترینی سۆفستای یەكان پرۆتۆگراسی وگۆرگیاس وهیپاسی ئەلیزی هەروەها پرۆدیكۆسی كایۆسی بوون.سۆفستای یەكان بڕوایان وایە (ئادەمیزاد پێوەری هەمووشتێكە) سۆفستایەكان پێیان وایە چاكە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر جیاوازە لە چاخێكەوە بۆ چاخێكی تر لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی تر جیاوازە بەڵام سوكرات بیروڕای زۆر جیاوازە لەگەڵ سۆفستاییەكاندا . سوكرات پێی وایە چاكە زانینە و خراپەش نەزانینە هەروەها چاكەی ئەخلاقی بە بڕوای ئەو وێنەیەكە لە مەعریفە وە هەركەسێك خراپە بكات دەگەڕێتەوە بۆ نەزانینەكەی بۆیە ئەگەر ئەخلاقی سۆفستایی ڕێژەیی بێت ئەوا ئەخلاقی سوكرات بابەتی و ڕەهایە لەبەرئەوەی پشت نابەستێ بە خودی كەسێك لە كەسەكان وە بە گۆڕینی بارودۆخ و حاڵەتەكانیش نایگۆڕێت ، لەبەرئەوە سوكرات پێی وایە ئەوەی كە دەیگۆڕێ هەر دەبێت ساختەبێ بەڵام ڕاستی بە تێپەڕبوونی چاخەكان بە جێگری و چەسپیو دەمێنیتەوە ئبە بێ ەوەی هیچ گۆڕانێكی تێدا ڕووبدات هەر لەبەرئەوە سوكرات بە دامەزرێنەری فەلسەفەی ئاكار ناودەبرێت . ئێمە لێرەدا هەوڵ ئەدەین واز لە ڕەخنە گرتن لەم مەنهەجە بێ كەڵكە بێنین هەرچەندە زۆر شتیش ماوە قسەی لەسەر بكەین ئەو فەیلەسوفانەی لەم كتێبە بە ناتەواوی باسی ئەكات وەك (ئەفلاتون ، ئەرەستۆ ، هتد ) بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە داوابكەین ئەم مەنهەجە بگۆڕێت كە دەبێت بەشەكانی سەرتایی ئەم مەنهەجە لابرێت لە سەرەتاوە مێژووی فەلسەفەمان بۆ ساغ بكاتەوە كە باسمان كردووە لە كوێوە دەست پێدەكات ، دواتر گرنگیەكی زۆر بدات بە فەلسەفەی یۆنانی و بابەتەكانی لە ئاستی تێگەیشتنی خوێندكاردا بێت بۆئەوەی بە ئێمە دەڵێن خوێندكار بە ڕاستی كارمان خوێندن بێت توانای گفتوگۆ و قسە كرنمان هەبێت لەسەر بابەتە فەلسەفییەكان بۆئەوەی هەنگاوێك لە مەعریفەدا بچینە پێش و بوونمان هەبێت .

## ئۆفیسی سلێمانی

*بەشی روناكبیری و راگەیاند بە هاوكاری گروپی هاورێیانی كتێب زنجیرەیەك كۆڕی سازكردوە لەوانە (كۆچی لاوان لە دوو وێستگەدا ) بۆ بە ڕێز كاك كەمال ڕەئوف ، (گوزەرێك بە نێو جیهانێكی نا دیاردا )بۆ خاتوو (پەری حمە میرزا )كەتیایدا تیشك خرایە سەر ئەو هێزەی كە لەدەوری جەستەی هەموو مرۆڤ و بونەوەرێكدا هەیە كە پێی دەگوترێت (هالە) واتە خەرمانە(هونەری مامەڵە كردن ) بۆخاتوو (ژینۆ فاتح ) ( هە وڵێك بۆ گەشەی لاوان ) بۆ خاتوو( شیلان عمر قادر) شایانی باسە كەلەسەرجەم كۆڕەكاندا ژمارەیەكی بەرچاو لەلاوانی كوڕو كچ ئامادەبوون .

*لە درێژەی پرۆژەی ئێوارە نمایشكردنی فیلمداا چەند فیلمێكی دۆبلاژكراوی كوردی بۆ ژمارەیەك لە خێزانی شاری سلێمانی لە باخچەی ئۆفیس نمایشكراون لەوانە (تەختەڕەش)و نمایشكردنی فیلمی (تەرەزان) بۆ منالاْنو نمایشكردنی فیلمی (جەنگی جیهانەكان) بۆ ژمارەیەكی بەرچاو لە لاوان، شایانی باسە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەكی هەفتانەی ئۆفیسی سلێمانییەو بە هاوكاری ستۆدیۆی سەنتەر ئەنجامدەدرێت،

*كردنەوەی دوو كۆرسی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و فارسی بۆ قۆناغی ناوەند

* كردنەوەی دووكۆرسی فێر بوونی زمانی كوردی بۆ ئەو هاولاْتیانەی كە لە ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە كۆچیان كردووە

* كردنەوەی سێ كۆرسی كۆمپیوتەر بۆ بەرنامەكانی (وۆرد ،ئیكسڵ ، فۆتۆشۆپ)

* بە ڕێوەبەری سەنتەر پێشوازی كرد لە وەفدێكی ڕێكخراوی توانا سازی كوردستان كە وەفدەكە بریتیبوون لە بە ڕێز كاك جەزا و كاك شوان هەڵسوڕێنەرانی ڕێكخراو لە سلێمانیو بەڕێز خاتوو ئامینە گۆیانی سەرپەرشتیاری كارەكانی ڕێكخراوی كۆمەڵەی هیوا لە عێراق .

* بە مەبەستی دەستبەكاربوونی وەك بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وەفدی سەنتەر

## ئۆفیسی بازیان

سەردانی بەڕێز (ئەحمەد عەلی)یان كرد.

*گروپی (كتێبو دەروازەیەك بۆ رۆشنبیریی) هەستاوە بە شرۆڤە كردن بۆ كتێبی (كەسایەتی داهێنەر) لەلایەن (كاوە عەبدولڕەحمان)ەوە ئامادەكراوە.

*كۆبوونەوەی ئاسایی گروپی (چرۆكان) كە گروپێكی تایبەتە بە مێردمندالاْن.

*گروپی وێستگەكان كۆبوونەوەیەكی تایبەتی سەبارەت بە پلانی داهاتووی كاریان ئەنجامداوە كە تیایدا بیروڕا لەسەر پلانەكە بە گەرمی ئالۆگۆڕكراوە.

*سەرەڕای كۆرسە گشتییەكانی ئۆفیس خولێكی دروومانی تایبەت بۆ ژمارەیەك لە كچانو ژنانی ناوچەكە كراوەتەوە.

*كۆرسی سێیەمی پرۆژەی لاوانی دواڕۆژ بە بەشداری نزیكەی ٥٠ مندالْ كراوەتەوە كە چەندین وانەی وەك (ئینگلیزیو كۆمپیوتەرو پەروەردەی مەدەنیو وێنەكێشانی لەخۆگرتووە.

ئۆفیسی دەربەندیخان

## لەساڵیادی رۆژی جیهانی لاواندا گفتوگۆیەكی كراوە بۆ گە نجانی هاندەران ساز دەكات



* لە باخچەی وێستگەی كارەبای دەربەندیخان كە ئەڕوانێتە سەر ڕووباری سیروان ، بە مەبەستی زیندوو ڕاگرتنی ( ڕۆژی جیهانی لاوان ) ئۆفیسی دەربەندیخان هەستا بە سازدانی سیمینارێك لەسەر دیاردەی ( كۆچی لاوان بەرەو هەندەران ) بۆ كۆمەڵێك لەو لاوانەی كە لە هەندەران گەڕاونەتەوە . لە سیمینارەكەدا كە كۆمەڵێك گەنج و میوان ئامادەی بوون دیاردەی كۆچ و هۆكارەكان و دەرهاویشتەو كاریگەریەكانی لەسەر كۆمەڵگا تاوتوێ كرا . شایانی باسە خاتوو ( ئیدج مۆنفۆ ) كە نوێنەری ڕێكخراوێكی جیهانی یە بۆ داكۆكی كردن لە پەنا بەران بە سەردان هاتبووە كوردستان و ئامادەی سیمینارەكەبوو ، جگە لەوەش بیروڕا و سەرنجی خۆی لەسەر دیارەدەكە بۆ ئامادەبووان ڕوونكردەوە ،

.*لە ساڵڕۆژی خۆپیشاندانەكانی جەماوەری شاری دەربەندیخاندا ئۆفیسی دەربەندیخان بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای كوردی بۆ هەڵبژاردن هەستا بە نمایش كردنی فلیمێكی دۆكیومێنتی لەسەر ( هزری نا توند و تیژی ) لە هۆڵی ڕۆشنبیری دەربەندیخان كە گوزارشتی لە پێكەوە ژیان و خۆشەویستی دەكرد ، شایانی باسە نزیكەی (٨٠) كەس لە لاوان ئامادەبوون ،

* بە مەبەستی برەودان بە پەیوەندیەكان وەفدێكی سەنتەر سەردانی ئۆفیسی گشتی و نوێنەری (N.P.A)یان كرد .

* كردنەوەی خولی بەهێزكردن بۆ هەردوو وانەی ( بیركاری و ئینگلیزی ) بۆ ئەو لاوانەی كە تاقیكردنەوەی دەرەكی ئەنجام داوە و لە خولی یەكەمدا دەرنەچوون . كە جێگەی سوود و ڕەزامەندی بەشداران بوو .